# چی لە بەغدا بەڕێوە دەچێ؟

ئیبراهیم مەلازادە

بەر لەوەی شەڕی عیراق دەست پێ بکات، ترسی ئەوەم هەبوو بەزۆر بکرێمەوە بە عیراقی. شتێکیشم لەو بارەیەوە نوسی، چەند کەسێکیش شتی لەو جۆرەیان نووسیو ترسی جارێکی تر بە عیراقی بوونەوەیان لێ نیشتبوو.

هێندەی حاڵی حازر گوێم لە وەهمی وشەی عیراق دەبێ نیو هێندەش گوێم لە وشەی کوردوستان نابێ.

وتاری ڕەسمیمان دەڵێ: عیراقی وەهم واقیعیەتەو کوردوستانی وڵاتو لەبیرکراویش وەهمەو باس کردنی زەرەر بە دۆزوو ڕاستیو ویستەکانمان دەگەیێنێ.

ئەمرۆ هەموو لایەک دەبینن، بەرپرسە کوردیەکان سەرگەرمو سەرقاڵی یەک لە دوا یەکەکانی هەماهەنگیو کۆبوونەوەو بە دواداچوونو کۆمەڵێک شتی تریشن. لەکوێ؟ هەڵبەت لە پێتەختی خۆشەویست، لە شارەکەی موعتەسەم، پێتەختی ئاشتی بەغدا.

نازانم لەو هەموو ماجەرایەدا تا چەند کوردو کێشەی کورد لە جوغزی ئەو هەموو سەرقاڵیو بەدواداچوونەدا جێگای خۆی گرتووە؟؟ تا چەند لە بیرە؟؟

بەرپرسانی کورد تا چەند ئاگایان لە داخورپانی دڵی هەزاران هاوڵاتی کوردە! ئەوانەی هەمیشە دەستیان لەسەر دڵیانەو خەونی گەورە بە بەرپرسەکانیانەوە دەبینن!. دەبێ تا چەند دڵنیا بین لە کەفائەتو دڵی بە پەرۆشی بەرپرسەکانمان بۆ نەتەوەو دۆزەکەیان؟ ئەمەیان پرسیارێکەو هەموو مرۆڤێکی کورد بە نهێنیو ئاشکرایی دووبارەی دەکاتەوە، دەیەوێ لەو هەموو مامەڵەیەدا ئەویش خەمخۆری هەبێ، نوێنەری هەبێ، لێیشی دڵنیا بێ. نەک هەبونێکی وەکو ئەو نوێنەرەی کە لەگەڵ ئەتاتۆرک بۆ لۆزان ڕۆشتو لە کاتی کۆبوونەوەکاندا ئامادە نەبوو، بە بیانۆی ئەوەی ئەتا.. ؟.. تورک نوێنەرێکی ئەمینەو پێویست ناکا ئەو ئامادەی دانیشتنەکان بێ؟؟

ئەم ساتو کاتانەی ئێمەی تیادا دەژیین ساتو کاتی چارەنووس سازن، عیراق بۆ دواجار گۆڕەوشار دەکرێ یا باشتر بلێم لە قالب دەدرێتەوە، ئەگەر ئەم جارەیان لەگەڵ ئەو قەوارەیە نامۆیە بە کوردو واقیعی کوردوستان لە قالب بدرێتەوە، بێ ئەوەی تایبەتمەندیەکانی لە دەرەوەی لە قالب دانەوەکەدا بپارێزرێنو پەنا بدرێن، سەروسیمامان بۆ دواجار دەشێوێندرێو لەگەڵ بچوکترین خۆجوڵاندندا دەکەوینە بەرەی دژی شەرعیەتو بە توندرەوو جوداخوازوو نارەسەن لە قەڵەم دەدرێین!!.

لە سەرەتاکانی درووست بوونی دەوڵەتی عیراق کورد رۆڵێکی گرنگیان بینی بۆ دروست کردنی سوپای عیراق، ئەو سووپایەی دواتر شەوو ڕۆژی لە یەکتر گرێ دەدایەوە بۆ ئەوەی ویستو داخوازیەکانی گەلی کورد سەر کوت بکاتو تا هەتایە لە ناوی ببات.

ئەمرۆش سەرکردەو بەرپرسەکانی کورد شەوو ڕۆژ لە یەکتر گرێ دەدەنەوە بۆ ئەوەی عیراق لەو بارودۆخە تایبەتە دەربێنو حکومەتێکی کاتی بۆ دابمەزرێنو هێمنیو ئاساییش بگەڕێتەوە بۆ شارو شارۆچکەو لادێکانی عیراق. ئەمە کارێکی باشەو باوەڕ ناکەم کەس لاری لێ هەبێ، کوردیش هەرگیز خۆپەرستو خراپەخواز نەبووە. بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئایا ئەوە تەنها کاریانە؟ یا لە دوو سەر

کاردەکەن‌و هەر مرۆڤێکی دەیبینن لە هەر چ ئاستێکی بەر پرسی‌دا بێت بەشێکیشی بۆ داخوازیەکانی کورد تەرخان دەکەن‌و زەمینە بۆ فیدراڵی یا شتی باشتر خۆش دەکەن؟ (کە هەر ئەوەش زەنی منە).

ئەگەر ئەوە کاریان بێ تا حکومەتی عیراق دەکەوێتە سەر پێ، ئینجا باس‌و خواسی کوردو داخوازیەکانی بخەنە سەر خوان‌و داوای مافەکان بکەن، ئەوا نیشانەیەکی سەرسوورمانی زۆر گەورە دروست دەبێت‌و کێ دەڵێ جارێکی تریش مێژوو خۆی دووبارە ناکاتەوە؟ کێ دەڵێ ئەو دەوڵەتەی لەسەر شانی کورد دروست دەبێت، وەکو ماری بێ مەزهەب خۆی ناخاتە سەر پشت‌و مەگەر ئۆتۆنۆمییەکیشمان بە منەت پێ ڕەوا ببینن؟؟

خۆ هەموو لایەکیش دەزانن کە دەست تێوەردان‌و فسکە فسک لە بڕەو دایەو بەرژەوەندیەکانی بەرەی ناسیۆنالیزمی عەرەبییش لە هیچ سنوورێک قنیات ناگرێ‌و لە دیدی ئەواندا گەلی کورد هەر بۆمبە ترسناکاکەی جارانە لە باڵۆنی ئەمنی قەومی عەرەبی‌دا.

هەمو لایەکیش دەبینن ئەوانەی تا دوێنێ پشتی سەددامیان دەگرت‌و عەیب‌و عاریان بۆ دادەپۆشی، ئەمڕۆ لە هیچ کوێیەک ئارام ناگرن، شەوو ڕۆژ بە دزی‌و ئاشکرا، بە بینینی عیراقیە عەرەبەکان‌و بە تەنیاش بێ چاوو ڕوو ئەوەی لە بەرژەوەندی ئەوانە ڕایدەگەیەنن‌و هەڵبەت ئەوەش کە ڕاناگەیێنرێ زۆرترە.

ئەو کاتەی حکومەت ڕادەگەیەنرێ ئەو پانتاییەی کوردی تیادا دەبێ پانتاییێکی پڕ لە حەرەج‌و ڕێزپەڕ دەبێ، کە لە دوو حاڵەت تێ ناپەڕێ: یان ئەوەتا لەدەرەوەی حکومەت دەبن، ئەوکاتەش دەبنە داواکار، لەحاڵەتی داواکردنیشدا دانوستان دێتە گۆڕوو کورتەو درێژە دروست دەبێت، یا ڕازی بوون بەکەم، یا کەممان ناوێ، یا چەندەها یای تریش. یا ئەوەتا دەسەڵاتێکی باشی دەبێ لە ناو حکوماتدا، لەم حاڵەتەشدا، یا ئەوەتا هەر بۆخۆیان دۆزی سەرەکی خۆیان لە بیر دەکەن‌و هێندەیان بە لاوە گرنگ نابێ مادام پۆستێکی گەورە لەدەست کورددا دەبێ، یا ئەوەتا ئەگەر داوای هیچ بکەن، پێیان دەگوترێت عەیبە بۆ ئێوە داوای شت دەکەن، ئەوە خۆجیاکردنەوەیە، ئەگەر خۆتان پێ جیاوازە نابێ دەست بەو پۆستە گرنگەوە بگرن، دەیان‌و سەدان ئەگەروو شتی سەیرو سەمەرەو چاوەڕێ نەکراو دێتە گۆڕ.

نابێ لە بیر بکرێ مامەڵەی کورد لەگەڵ کەسانێکە بەرژەوەندی تایبەتی نەتەوەیی‌و عەشیرەتی‌و عائیلیشیان هەیە، هەرگیز بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان بە چاوی ڕەشی کورد ناگۆڕنەوە، هەریەکێکیان بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ژێر کاریگەری عەرەبەکانی دەرەوە دایە. نابێ لە بیر بکرێ زۆربەی ئەو عەرەبانە تا لووت لە نیفاق ڕۆچوون‌و قسەی ڕاستیان لە دەم نایەتە دەرەوە، لای زۆرێکیان ڕاستی نەگووتن بەشێکە لە بیروباوەڕ. ئەمڕۆ پێویستیان بە کوردەو بەڕوویدا پێدەکەنن، کە جیاواز بوونەوە دەڵێن: پشتتان بشکێ‌و ڕۆژی خۆتان دێ ئیشتان ببینین!!.

لەو هەموو ماجەرایەدا هەرگیز مەبەستم نیە گومان دروست بکەم لەسەر هیچ بەبرسێکی کورد، بەڵام مافی هەموو کوردێکە بزانێت چی بە ناوی ئەوەوە دەگوترێت؟؟ تا چەند لە داهاتووی خۆی دڵنیا بێت؟؟ ئومێد دەکەم بیرکردنەوەی سەرکردەو بەرپرسانی کورد زۆر بەرزترو هوشیار تر بێت لە هی جەماوری کوردوستان. دەبێ ئەوەشیان لەبیر نەچێ کە وەچەی دواچارەکی سەدەی بیستەم‌و سەرەتای سەدەی بیست‌و یەکەمی گەلی باشووری کوردوستان زۆر ئەستەمە ئاوا بە ئاسانی بکرێتەوە بە عراقی؟؟.

تێبینی كوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لەناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.

تێبینی كوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لەناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org كوردستان نێت